# حەفتا ساڵ فەخر و شانازی

**(پێشکەشە بە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)**

ئەحمەد قادری

حەفتا ساڵ شورش و خەبات — برینی ڕێی هات و نەهات
حەفتا ساڵ فەخرو شانازی — خەبات و خوێن و گیانبازی
حەفتا میداڵی سەرکەوتن — هەدانەدان و نەسرەوتن
حەفتا شەمی شەوگار بەزێن — حەوت دەیەی دوژمن تەزێن
قوربانی دان و کۆڵنەدان — زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
بەڵگەو کارنامەی خەباتن — مێژوی حیزبی دێموکراتن

**

ئەی حیزبی پێشەوا قازی! — کە پێشڕەو بوو بۆ گیانبازی
تۆ ناسنامەی کوردی گوردی — شاهۆی، قەندیلی، هەڵگوردی
گەلاوێژ کە ڕوون و تەرزە — بە ناوی تۆوە سەر بەرزە
تۆ خوێندنگەی لاوی ژێری — زانکۆی پیری بە تەدبیری
سەرت لە تەشقی ئاسمانە — ناوت هاوتای کەشکەشانە
ڕەوەی هەورت لە ژێر پێیە — ناحەزت جەرگی توێ توێ یە

**

تۆ مەشخەڵی داگیرساوی — شوورەی قەڵای نەگیراوی
بانگی هەستان و ڕابوونی — ئاسۆی ڕوونی ڕزگار بوونی
هەر تۆ بووی قیبلەگای کوردان — کردت بە نەورۆز، ڕێبەندان
مێژوت لە نوێ بوژاندەوە — ئاڵای کوردت شەکاندەوە
یەکەم کۆماری کوردستان — رزگاریدەری بندەستان
هیوای کوردی ڕەنجەڕۆ بوو — بەرهەمی خەباتی تۆ بوو

**

لە ڕێی تۆ دا مەزن و سەردار — بە سەر بەرزی چوونە سەر دار
لە دوای حەفتا ساڵ کۆڵنەدان — زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
ئێستاش ئاڵات شەکاوەیە — چیا و کەژ بە تۆ ڕازاوەیە
هەڵۆی بەرزی لێ نەبڕاوە — ناوت هەروا بەرزە ناوە
سەرمەشقی مێژووی خەباتی — مەشخەڵی ڕێگای نەجاتی

کۆیە،

٣١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ هەتاوی